هونەرمەندان:

# له كاتی دەنگداندا شكاندنی لووتی دوژمنتان له بیر بێت له پردێ و سحێلا

پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان بـه لیسـتی ژمـاره (١٨٤) بەشـداره لـه هەڵبژاردنەكانـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراق، بۆ ئـەم مەبەسـتەش ژمارەیـەك كەسایەتی ئەكادیمی و پسپۆڕ و دیـاری كوردسـتان لـەو لیستەدا پاڵێوراون بۆ ئـەوەی ببنـه نوێنـەری خەڵكی كوردستان لـه بەغدا و لـه ئاست قورسایی و گەورەیی نـاوی پارتـی و ڕێبـازی پیـرۆزی بارزانیـی نەمر بن و داكۆكیكارێكی سەرسـەختی مافـه نەتەوایەتییەكانـی ئـەو میللەتـه بـن بـه سەربەخۆییشـەوه.

هونەرمەندانی كوردستان بـەم شێوەیه ڕای خۆیـان سـەبارەت بـه گرنگیی هەڵبژاردنی و دەنگدان بـه لیسـتی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دەربڕی.





هونەرمەندی بە ئەزموونی کوردستان مامۆستا خەلیل یابە:

# هیوادارم خەڵکی کوردستان بە ویژدانەوە دەنگ بدەن بەو لایەنەی کە داکۆکی لە مافەکانیان بکات

بەم شێوەیە باس لە گرنگی هەڵبژاردن دەکات: وەك ماف هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەران یەکێکە لە سەرەکیترین مافەکانی هەر تاکێك کە پێویستە گوزارشتی لێ بکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە و سیمای دیموکراسییە لە هەر کۆمەڵگایەك، بۆ ئێمەی کوردیش گرنگی زیاترە بەتایبەتی لەو کاتە ناسکەدا پێویستە هەر تاکێك هەست بەو بەرپرسیارییەتیە بکات و مافی خۆی بەفیڕۆ نەدا.

سەبارەت بە دەنگدانی هاووڵاتیان بە لایەنەکان، هونەرمەند خەلیل یابە دەڵێ: هیوادارم خەڵکی کوردستان بە ویژدانەوە دەنگ بدەن بەو لایەنەی کە داکۆکی بکات لە مافەکانیان، ئەو لایەنەی کە دڵنیایە زامنی مافە دەستوورییەکانی دەکات.




# عیرفان سەعدوڵا عەبدوڵا عەباس

## کاندیدی ژمارە ١١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:


پەیامی من بۆ ئەو گەنجانەی کە ئەم جارە دەنگ دەدەن و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی کوردستان بەهێز بمێنێتەوە و مافە دەستوورییەکان زامن بکەین و مافە داراییەکان دەستەبەر بێت و کوردستان بە سەقامگیری بمێنێتەوە و بۆ گەڕاندنەوەی ئیمتیازات مافی پێشمەرگە بۆ ئەوەی سازش لە سەر مافە نەتەوەییەکان نەکرێت و بۆ ئاسوودەیی گیانی شەهیدان و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوی کوردستان، دەنگ بە لیستی ١٨٤ پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.

### هونەرمەندی سینەماکار شاخەوان مستەفا:

# دەنگ بەو لایەنە بدەن کە بەر لە داستانی سحێلا و پردێ بە دەیان داستان و نەبەردیی دیکەیان تۆمار کردووە



هەڵبژاردن مافێکی دەستووری و یاسایی هەر تاکێکە، سەرەڕای ئەوەی ئێمەی کورد پێش چەند مانگێك لە پرۆسەیەکی دیموکراتی بەشداریمان کرد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان لەگەڵ عێراق، پێشتر و ئێستاش هەمان هەڵوێستمان هەیە و نەگۆڕاوە سەبارەت بە چارەنووسمان لەگەڵ عێراق، بۆیە بۆ ئێمەی کورد هەڵبژاردن جگە لەو مافە یاساییە هۆکارێکیشە بۆ زامن کردنی مافە ڕەواکانمان، ئەو مافانەی کە لە دەستووردا هاتووە بۆ ئەوەی نەتوانن بەو ڕێگایەوە مافەکانمان پێشێل بکەن، سەبارەت بەو لایەنانەی کە دەتوانن ئەو مافانە زامن بکەن، بێگومان بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرایە کە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانی باشترین نوێنەر دەبن بۆ پاراستنی مافەکانمان، هەروەك چۆن لە مەیدانەکانی شەڕ بینیما چۆن بەرگرییان لە خاکی کوردستان کرد، شەڕی داعش و نەبەردییەکان لە بەرەکانی جەنگ و لوت شکاندنی میلیشیاکان لە پردێ و سحێلا کە هەوڵی داگیرکردنی کوردستانیان دەدا باشترین نموونەنە، بۆیە پێویستە دەنگ بەو لایەنە بدەن کە بەر لە داستانی سحێلا و پردێ بە دەیان داستان و نەبەردیی دیکەیان تۆمار کردووە و بە خوێنی هەزاران شەهید ئەم ئەزموونەیان پاراستووە و دڵنیاین لە داهاتووشدا هەر پارتییە کە زامنی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە شایەنی ئەوەن کە دەنگی خۆمان بە لیستی پارتی ژمارە ١٨٤ بدەین.



### عەلی کەریم :

# پێویستە پابەندی دەرەنجامەکانی ریفراندۆم بین

پڕۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ناجۆر نییە لەگەڵ چوونە سەر سندوقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرا، چونکە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە ئەنجامی بێ متمانەیی و پێشێلکردنی دەستوور بووە، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران سەنگەر قایمکردنە بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشێلکارییەکانی ئێستای دەسەڵاتی عێراقە، سیستمی ئێستای عێراق ئەوەندەی تایفەگەرییە، ئەوەندە سیستمێکی دیموکراسی نییە،بەپێی دەستوور کورد و عەرەب و هەموو تایفەکانی دیکە بەشدارن لە حوکمڕانی، بەڵام لە راستیدا پێچەوانەیە، ئەگەر کورد هەستی بە شەراکەتی حەقیقی بکردبا بۆ پەنای دەبرد بۆ ریفراندۆم، ئەگەرچی مافێکی تایفە، گەلان و نەتەوەکانی دنیایە، هەر لەبەر ئەمە پێویستە پابەندی دەرەنجامەکانی ریفراندۆم بین کە زۆرینەی خەڵکی باشوور دەنگیان بۆ داوە. لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی عێراق لە تەواوی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئاستی پێویستدا بین، چونکە ئەنجومەنی نوێنەران دەرگایەکی تەشریعی یاساییە، هەرچ پێشێلکردنێک لە دەستوور متمانە و شەراکەتی حەقیقی لە دەست دەدات.



بەهائەدین هەڵەبجەیی:

## پێویستە زۆرترین نوێنەرمان لە عێراق هەبێت

من پێموایە ئێمەی کورد هەرچەندە زۆرینەی رەهامان دەنگمان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان داوە و ئامانجمان جیابوونەوە لە عێراق و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بوو، بەڵام لە ئێستادا و لەو بارودۆخەدا کە هێشتا ئەو ئامانجەمان نەهاتۆتە دی، بۆیە وای دەبینم کە باشترە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەین تا بتوانین زۆرترین نوێنەری کورد بنێرینە پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی داکۆکی و بەرگریی زیاتر لە مافە دەستوورییەکانی کورد و ئامانجەکانی ریفراندۆم بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەمرۆ رەوشێکی خراپ تەنگی بە هاووڵاتیانی کوردستان هەڵچنیوە و ژیانی زەحمەت کردوون، من دەڵێم ئێستا وا باشە بەپێی داخوازی رۆژگارە هەڵسوکەوت بکەین بە هیچ پاساوێک خۆمان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی گشتی کوردستان نەدزینەوە.




## عەباس رەشید وەلی حەیدەر

**کاندیدی ژمارە ١٣**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

بۆیە دەنگ بەلیستی ژمارە ١٨٤ دەدەم، چونکە لیستی شەهیدان و داکۆکیکاری مافەکانی گەلی کوردە، ئەو لیستەیە کە داکۆکیکارێکی سەختی گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە، سەقامگیری و ئارامی بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەهێنێت و خاکی کوردان دەپارێزێت. هەروەها بۆ قەرەبووی خەڵکی زیان لێکەوتووی خورماتوو و ناوچەکانی تر کە لەلایەن حەشدی شەعبی و لەشکری عێراق پەلامار دراون، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.




### مامۆستا جەمال ئەدیب سەرۆکی تیپی مۆسیقای دهۆک:

# دەنگ بەو لایەنە بدەن کە زۆرترین قوربانیی داوە و دەیان داستان و نەبەردیی تۆمار کردووە

دیاره ئێمە بەرەو هەڵبژاردنێك هەنگاو دەنێین کە تێیدا مافە رەواکانی گەلەکەمان لە رێگای دەستوورەوە دەپارێزرێت ئەمەش دەبێتە ئەرکی ئەو کەس و لایەنانەی کە متمانەی زۆرترین خەڵکی کوردستان بەدەست دەهێنن و لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورەیە دەبن، بەتایبەتی لە دوای پرۆسەی ریفراندۆم کە زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگیان بۆی دا، لە ئێستادا کوردستان لە جەنگێکی دیکەدایە ئەویش جەنگی چەسپاندنی مافە دەستوورییەکانمانە، باشترین هۆکاریش بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافانە و چارەسەرکردنی گرفتەکانمان یەکریزی و تەبایی نێوان هەموو لایەنە کوردستانیەکان و کار کردنی هاوبەشە لە پێناو کوردستان و دوور کەوتنەوە لە بەرژەوەندی تاکە کەسی یان حزبی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەویتر،لە هەمان کاتدا پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانیش سەنگ و قورسایی خۆیان بزانن و هەوڵ نەدەن ئارامی و سەقامگیری کوردستان تێك بدەن تەنیا لەبەر ئەوەی کە قەوارەکەی یان ژمارەی دەنگدەر و لایەنگرانی لە لایەنێکی دیکە کەمترە، چونکە میللەتەکەمان چیتر بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێت.

من لێرەوە داوا لە خەڵك دەکەم ویژدانیان بکەنە حەکەم و دەنگ بەو کەس و لایەنانە بدەن کە چەندین ساڵە لە پێناو سەرخستنی گەلی کورد و گەیشتن بە ئاواتەکانی هەوڵ و خەباتی بێ وچانیان کردووە و لە مەیدانی خەباتی چەکداری و قوربانیدان بە سەدان شەهیدیان پێشکەش بەو خاکە پیرۆزە کردووە و بە دەیان داستان و نەبەردییان لە مێژووی گەلەکەماندا تۆمار کردووە، هەروەها دڵنیان دەتوانن گوزارشت لە مافەکانیان بکەن و پارێزەرێکی راستەقینەی مافەکانی گەلی کورد بە رێگای دیموکراسی.



هونەرمەند غازی شینە:

## دەنگمان بۆ ئەو لایەنەیە کە زۆرترین خەباتی کردووە و زامنی پاراستنی مافەکانمانە

من وەکو هونەرمەندێك وای دەبینم کە هونەرمەندان لە ناو کۆمەڵگادا پێویستە پشکی شێریان بەر کەوێت لە هەر کار و خزمەتێك کە ببێتە هۆی بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی و لە پێناو خاکی کوردستان و ئەزموونی چەند ساڵەی رابردووش ئەوەی سەلماند کە هونەرمەندان لە ئاست ئەو بەرپرسیارییەتە بوون، بۆیە منیش وای بە باش دەبینم کە پێویستە خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بۆ ئەوەی دەنگی کورد لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوێت، هەرچەندن میللەتی کورد بە هەزاران شەهیدی بەخشیوە بۆ بەدیهێنانی خەونی راستەقینەی سەدان ساڵمان کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام دوژمنان و ئەوانەی ئەو مافەمان پێ رەوا نابینن کۆسپ و بەربەستی زۆرمان بۆ درووست دەکەن بۆ نەگەیشتن بەو خەونە. لە بەرامبەردا نابێ ئێمەش دەستەوەستان راوەستین، پێویستە هەمیشە هەوڵ بدەین و لە سڵ نەکەینەوە لە خەبات و تێکۆشان ئەوە ئاواتی ئێمە بووە، بەڵام لە ئێستادا لەمپەری بۆ درووستبوو و وەك دراوسێ ماوینەتەوە.

لە ئێستاشدا کە بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆن پێویستە هەوڵ بدەین مافە دەستوورییەکانمان بەدەست بهێنن و بەشداری بکەین لە هەڵبژاردن و دەنگ بەو هێز و لایەنە بدەین کە زۆرترین خەباتی کردووە لە پێناو کوردستان و زۆرترین قوربانیی لەو رێگایەوە بەخشیوە، چونکە دڵنیا بن هەر ئەو هێزەیە کە زامنی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد بووە بە درێژایی مێژوو و لە ئێستا و داهاتووشدا بە هەمان شێوە دەبێت.




# هودا عەدنان حەسەن محەمەد

### کاندیدی ژمارە ١٥
### لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی کوردستانەکەمان هاوشێوەی وڵاتانی دراوسێ و جیهان پێش بکەوێت، کاردەکەم بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت، وەک کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنمان بەخۆمان داوە کە بجەنگین لە پێناو سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی تاکی زوڵملێکراو بەبێ جیاوازی، هەروەها بەگژ گەندەڵ و گەندەڵکاراندا بچینەوە و نیشتمان بنیاد بنێینەوە لەسەر بنچینەیەکی دروست لە رووی تەندروستی یاسایی کە زامنی ژیانی ئێمە و نەوەکانمان بکات.**

# وەرزشکاران دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دەدەن

ڕۆژی ١٢ی مانگی داهاتوو هاونیشتمانییانی کوردستان دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بەو لیستە دەدەن کە هەڵی دەبژێرن، لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش چاوی زۆری لەسەرە کە وەکو هێزە گەورەکەی کوردستان بمێنێتەوە، وەرزشکارانی کوردستانیش وەکو چینێکی گرنگی کۆمەڵگا بەڵێنی بەردەوامبوونیان بە ڕێبازی بارزانی و پارتی دووپات کردۆتەوە و لەو ڕۆژەدا بەکەرنەڤاڵی گەورە بەرەو بنکەکانی دەنگدان دەچن هەتا لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەربخەن.

**ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی**



**کامەران شەهاب** ڕاهێنەری جیمناستیکی هەولێر:

## ١٨٤ تاکە لیستە بەرگری لە کوردستان بکات

دەنگی ئێمەی وەرزشکارانی کوردستان بۆ لیستی ١٨٤ی پارتیمان دەبێت، لەبەر ئەوەش دەنگ بەو لیستە دەدەم بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆمان و نەوەکانمان لە داهاتوو، تەنیا ئەو لیستەیە کە دەتوانێ بەرگری لە مافەکانمان بکات لە پەرلەمانی عێراقی، بۆیە بە شانازییەوەش کار بۆ ئەو لیستە دەکەم.



**فەرمان ئیسماعیل**
بەرپرسی دارایی
یانەی وەرزشی سۆران:

## پارتی دیموکراتی کوردستان
## هێزی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە

هۆکاری دەنگدانم بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیە کە پارتی هێزی بونیادنەر و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و لە کوردستان و ناوچەکە حیساب بۆکراوێکی بەهێز و خاوەن هەژمونێکی سەرکەوتووە لە ئیدارەی ئەم هەرێمە، بۆیە بە دڵنیاییەوە هۆکارێکیش دەبین بۆ سەرخستنی ئەو لیستە لە هەڵبژاردنەکان.



**سوارە پیربال**
پاڵەوانی یاری بەرزکردنەوەی قورسایی:

## دەنگدان بە لیستی ١٨٤
## دەنگدانە بە نیو سەدە خەبات

دەنگدان بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە نیو سەدە خەباتی باوکم لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، لیستی پارتیش بە تاکە لیست دەزانم کە دەتوانێ ببێتە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئێمەی وەرزشکار بۆ بەرگریکردن لە مافەکانمان و ڕێگەنەدان بە دژایەتی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان، بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا هەوڵی سەرخستنی تەواوی ئەو لیستە دەدەین.




# د. محەمەد مستەفا ئەحمەد زراری

## کاندیدی ژمارە ٢١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆ زامنی مافە دەستوورییەکان و گەڕانەوەی مافە داراییەکان بۆ کوردستانێکی سەقامگیرو بەهێز، بۆ گێڕانەوەی مافی پێشمەرگە و بۆ ئاسوودەیی گیانی شەهیدان و بۆ ئەوەی چیتر سازش نەکرێت لەسەر مافە نەتەوەییەکان، دەنگ بە لیستی ١٨٤ بدەن.



**فوئاد عومەر**
ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان:

## پارتی بوو بەرگری لە مانەوەی هەرێم کرد

مـن وەك ناوبژیوانێكی پلـە یەكـی كوردسـتان و عێراق و وەك پێشـمەرگەیەك لـە رێبـازی بارزانـی زیاتـر لـە ١٤ سـاڵە خزمـەت بـەو وڵاتـە دەكـەم. زیاتـر لـە چـوار سـاڵە تووشـی شـەڕێكی گـەورە بووینەتـەوە، بەرگـەی ئـەو شـەڕە گەورەیەشـمان گـرت كـە بـووە مەترسـی بـۆ سـەر هەرێمـی كوردسـتان، پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان بەرگری لـە مانـەوەی هەرێمـی كوردسـتان كـردووە، خەباتـی چەنـد سـاڵەی پارتـی لـە شـاخەكان و ئێسـتاش لـە شـار و دەشـتەكان هەمـووی بـۆ بەرژەوەنـدی میللەتـی كـورد بـووە، بۆیـە پێویسـتە دەنگـی پـێ بدەیـن بـۆ ئـەوەی لـە بەغـدا زیاتـر بەرگریمـان لـێ بكـەن. راسـتە ئێسـتا هەرێمـی كوردسـتان تووشـی قەیـران و بەشـێكی تووشـی ماڵوێرانـی و دەربـەدەری بـوون، پارتـی پشـتیوانیانە و هەوڵـی گەڕانـەوەی ناوچـە داگیركـراوەكان دەدات. ئێسـتا هەرێمـی كوردسـتان ئارامـە و لـە ژێـر سـێبەری پارتـی ئاسایشـی پارێـزراوە، بـە دڵفراوانیـەوە دەتوانیـن گەشـت و سـەیرانەكان بكەیـن، ئـاڵای كوردسـتان شـەكاوەیە، بۆیـە هەمیشـە دەنگمـان بـۆ پارتیـە و هـەر بـۆ پارتیـش دەبێـت، بەڵـێ بـۆ لیسـتی ژمـارە ١٨٤.



**کاژین تەها**
یاریزانی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی عێراق:

## ١٨٤ لیستی شەهیدانە


دەنگدانـم بـە لیسـتی ١٨٤ی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دەنگدانـە بـە لیسـتی شـەهیدان و بەرگریكـردن لـە مافـە رەواكانمانـە لـە بەغـدا، تاكـە لیسـتە كـە دەتوانـی بەرگرییەكـی تـەواو لـە هەمـوو چیـن و توێژەكانـی كۆمەڵگـە بـكات لـە ناوچـە كوردسـتانییەكان، دڵنیاشـم پارتیمـان هـەر بـە هێـزی یەكـەم دەمێنێتـەوە لـە كوردسـتان، وەكـو وەرزشـكارێكیش دەنگدانمـان بـە لیسـتی پارتـی دەنگدانـە بـە نیـو سـەدە خەبـات و بەرخـۆدان لـە پێنـاو ئـازادی.



**زیاد حارس** یاریزانی تۆپی پێی:

## بە شانازییەوە دەنگ بە لیستی ١٨٤ دەدەم

بـەو پـەڕی شـانازییەوە دەنـگ بـە لیسـتی ١٨٤ی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان دەدەم، چونكە تاكە لیستە لە هزری مندا كە دەتوانێ مافەكانمان لـە بەغـدا بپارێزێ و دەتوانێ ببێتـە تاكە هێـزی گـەورەی كوردسـتان كـە پشـتگیری لـە مافەكانمـان بـكات، هەوڵیـش دەدەیـن كـەوا لیسـتی پارتیمـان یەكێـك بێـت لـە لیسـتە براوەكانـی هەڵبـژاردن، دەنگدانیـش بـە لیسـتی ١٨٤ دەنگدانە بە زامنكردنی مافەكانی ئێمە و نەوەكانمـان لـە داهاتوودا.



**ڕێگر فرهاد**

کوڕی شەهید (فرهاد چەمرگە) و برای شەهید (فواد چەمرگە)
مامۆستای زانکۆ و قوتابی دکتۆرا

## پارتی لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا بەرگریکار و داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان دەبیت

مێژوو شایەتی خەبات و ماندوو بون و قوربانیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەر و کادیرانی ئەم پارتەیە لە کوردایەتی و کۆڵنەدان و بەرگری کردن لە خاکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆی و دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ میللەتەکەی، پارتێك کە خاوەنی چەندەها هەزار شەهید بێت و بتوانێت ئارامی و ئاسایش بۆ گەلەکەی فەراهەم بکات و بەرگری لە خاکەکەی بکات ئەوا هەردەم بە خەمخۆری میللەتەکەی دادەنرێت، کەواتە پارتیك کە خاوەنی ئەم هەموو شانازییە بێت ئەوا بە باوەر بەخۆبوونەوە بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکات و بەدڵنیاییشەوە دەنگی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بەدەست دەهینێت و دەبێتە یەکێك لە براوە سەرەکییەکان و لە نیو پرۆسەی سیاسی عیراقیشدا بەرگریکار و داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان دەبیت. بۆیە دەنگدانت بە پارتی دەنگدانە بە پاراستنی شکۆی تاکی کوردو ئەم ئەزموونە و گەشەسەندنی کوردستان، بۆیە دەنگی من و خانەوادەکەمان بۆ پارتییە و هەر بۆ پارتیش دەبیَ.




# پوشۆ ئەحمەد لاوکە شێخ ئاغا

## کاندیدی ژمارە ٢٥
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان
بە بۆنەی نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، داواتان لێدەکەم کە ئاوڕێک لە ڕووداوە تراژیدیا و مەرگەساتەکانی چەند ساڵی رابردوو بدەنەوە، بۆ ئەوەی پێش چاوتان روون بێت و لەکاتی دەنگدان ویژدانتان ئاسوودە بکەن. من وەکو کاندیدی لیستی ١٨٤پارتی دیموکراتی کوردستان پێموایە ئەگەر بمانەوێت کوردستان بەهێز بێت و کوردستان پارێزراو بێت و خاوەنی ئیرادەی خۆمان بین، دەبێت دەنگ بە لیستی ١٨٤ بدەین.

# خەبات و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان شایەنی دەنگدان و سەرکەوتنە

**پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی درەوشاوەی لە خەبات و بەرخۆدان و قوربانیدان هەیە و بۆتە مایەی بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە گەورانەی کە لە ئێستادا خەڵکی کوردستان لێی سوودمەندن، بوونی قەوارەیەکی گەورە و بەهێزی وەك لیستی پارتی لە پەرلەمانی بەغدا، دەبێتە قەڵغانێك لەبەرامبەر پیلان و هەنگاوە شۆڤینییەکانی سەرانی بەغدا و هاوئاوازەکانیان، کە چاویان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و گەشانەوەیدا هەڵنایەت. بێگومان لیستی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بەرەنگاری هەموو ئەو بڕگە و بڕیارانە دەبێتەوە کە دژی هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان و مافە دەستووری و ڕەواکانی گەلی کوردستانە، با هەموومان دەنگ بە لیستی (١٨٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدە بەتواناکانیان بدەین، تا ببنە پاڵپشت و هێزی دیموکراسی و شەڕی دەستووری و مافی کورد بکەن، جەماوەری کوردستانیش پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەو لیستە دەردەبڕن.**



**دیار ئەسعەد:**

## دەنگدان بە پارتی دنگدانە بە زامنکردنی مافە ڕەواکانی گەلێکی ستەمدیدە

داوا لە هەموو کوردێکی بەشەرف و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای رزگاریخوازی کوردستان دەکەم، دەنگ بدەن بە لیستی حزبی دایك بۆ ئەوەی کاروانی هەڵگرانی سەربەخۆیی بگاتە ئامانج ئەوەش تەنیا و تەنیا بە لیستی ١٨٤پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێ، دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە زامنکردنی مافە ڕەواکانی گەلێکی ستەمدیدە و دەنگدانە بە پاراستنی خاك و شەرەفی گەلی کوردستان، بۆ کوردستانێکی بەهێزتر دەنگ بدەن بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەمیشە پارتی سەنگی مەحەکی یەکلاکردنەوەی کێشە و گرفتەکانە و سەنگەری بەرگری شووڕای کوردستانە و لە پارێزگاریکردن لە خاك و نیشتمان کۆڵی نەداوە و بۆتە چەقڵێك لە چاوی دوژمنان، ئەوانەی دەیانەوێت ئەو هەرێمە جوان و سەنگینە لەناو ببەن، هەردەم دوژمنکاری پارتی دەکەن و بە ئامانجی دەگرن، چونکە تاکە پارتی کوردستانە بەرامبەر پیلانەکانی ناحەزان دەوەستێت و بە مێژووە پڕسەروەرییەکەی پارێزگاری لە خاك و خەڵکی کوردستان دەکات، دەنگدان بەو لیستە واتە ناردنی کۆمەڵێك کادیری کارامە بۆ پەرلەمانی بەغدا، تا لەوێوە شەڕی ئازادی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان بکەن.




# شێروان زیاد محەمەد مەحمود

## کاندیدی ژمارە ٢٦
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕێتەوە سەر کوردستان و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکرێت، پێویستە بوونی کورد لە بەغدا بەهێز بێت، بۆیە دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە پارتی بەهێز بێت، کوردستان بەهێزە.**



**غازی عەبدوڵا مەلەکی:**

## پارتی ئاڵاهەڵگری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە

دەنگم بۆ پارتییە لەبەر ئەوەی: دامەزرێنەری پارتی بارزانیی مەزن و باوکی رۆحیی نەتەوەی کوردە و مسعود بارزانی سەروکی پارتییە و پارتی خاوەنی رێبازی بارزانیی نەمرە، پارتی خاوەنی درێژترین شوڕشی رزگاری و ئازادیخوازیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، پارتی خاوەنی گەورەترین پڕۆژەی نەتەوییە لە کوردستانی گەورەدا، پارتی خاوەنی گەورەترین قافیلەی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستانە، پارتی ئاڵاهەڵگری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە. بۆیە بەشانازیەوە دەڵێم دەنگم بۆ پارتی دیمۆکراتی کوردستانە، هەمیشە هێزی یەکەم بووەو هەر هێزی یەکەمیش دەمێنێت و زۆرترین دەنگەکان بۆ پارتییە و بردنەوە و سەرکەوتنیش لە هەڵبژاردن و هەموو سێکتەرەکان بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت.

**بێستوون سالەیی:**

## ١٨٤ تاكە لیستە بتوانێت ئاوات و خەونەكانی ئێمەی كورد دەستەبەر بكات



لیستی ١٨٤بەرگری و شكۆ و مانەوەی كوردە، لە سایەی لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان وڵات ئاوەدانتر و ئارامتر و سەقامگیرتر دەبێت، هەر چۆن لە پردێ و سحێلا بەرگری لە خاكی كوردستان كرد، ئەوهاش دڵنیاین شەڕ بۆ دابینكردنی مافەكانمان لە پارلەمانی عێراق دەكات. بۆیە پشتگیری لە لیستی ١٨٤ دەكەم، چونكە ئایندەمان روونتر و دەستكەوتەكانمان پارێزراو و بەدیهێنەری دەستكەوتی زیاترە بۆ گەلەكەم، لیستێكە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەش سەنگ و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و تاكە لیستە بتوانێت ئاوات و خەونەكانی ئێمەی كورد دەستەبەر بكات، لیستێكە دوور لە موزایەدات و ئەوەی دەیڵێت، دەیهێنێتەدی. ئەوەی بۆ من گرنگە وەكو تاكێكی كورد، مانەوەی كورد و دەستكەوتەكانیەتی كە پارتی تەنیا هێزە دەتوانێت كاری بۆ بكات، لیستی ١٨٤ تاكە لیستە كە هەموو ئایین و مەزهەب و كلتوورە جیاوازەكانی پێكەوە كۆكردووەتەوە و پێكەوەژیان ئامانجی سەرەكییەتی تاكو هەموو پێكەوە لە چوارچێوەی كوردستان شەریك و هاوكار بین، لیستی ١٨٤ تەنیا لیستێكە كە داهاتووی منداڵەكانمان رووناكتر دەكات، بەڵێ بۆ لیستی ١٨٤ ی پارتی دیموكراتی كوردستان.



**سیروان عەبدوڵا زیوەیی:**

## لیستی پارتی واتە پیادەكردنی دەستوور كە تاكە زامنی مافەكانی هەرێمی كوردستانە

بۆ پاراستنی مافە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان و زامن كردنیان بۆ هەرێمی كوردستان، پیادەكردنی دەستوور كە تاكە زامنی مافەكانی هەرێمی كوردستانە دەنگ بە لیستی پارتی دەدەین، تەنیا ئەو لیستەیە دەتوانێ ئەو مافانە دەستەبەر بكات، لە رابردووش بینیمان چۆن بەرگریكاری سەرسەخت بوون بۆ دەستەبەركردنیان بۆیە، دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كورستان دەدەم، تا مافی كورد لە بەغدا بەدی بهێنێت و ببێتە سەرچاوەیەكی هێز بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە جێناكۆكی لەسەرەكانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها گەڕاندنەوەی شاری كەركووكی خۆشەویست، پارتی تاكە حزبە دەتوانێت ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت و بە هۆی ئەوەی هەموو هەنگاوێكی بەغدا قبووڵ ناكات و دەكەوێتە سەنگەرگرتن تا ئەوانەی مەبەستیەتی بە دەستی بهێنێت، دەنگدان بەو لیستە، واتە دەنگدانە بە خوێنی شەهیدانی دەیان ساڵەی خەبات و شۆڕشەكانی كورد، واتە دەنگدان بە رێبازی بارزانیی نەمر كە تاكە حزبە گەورەترین مێژووی هەیە.



**دلێر كەریم عەلۆ:**

## پارتی توانی كلیلی سەربەخۆیی كوردستان بۆ گەلی كورد مسۆگەر بكات

من دەنگ دەدەم تۆش دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان. پارتی دیموكراتی كوردستان تاكە هێزێكە شكۆمەندی كوردی پاراستووە و غرورییەتی تاكی كوردی بە بەرزی هێشتۆتەوە و بۆ هەمیشە سەرمەشقی خەباتی رێگای رزگاریخوازی نەتەوەییمان بووە. پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتی و ریبەرایەتی سەرۆك بارزانی توانی كلیلی سەربەخۆیی كوردستان لە داهاتوودا بۆ گەلی كورد مسۆگەر بكات، هەر ئەو پارتە بوو توانی گەورەترین دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی ناسراو بە داعش و هێزی داگیركەری خاوەن پێشكەوتووترین تانك و زرێپۆشەكانی سەردەمی وەك ئەبرامز تێك بشكێنێ، بۆیە بە متمانەوە بۆ پاراستنی دەستكەوتەكان و بەرەوپێش چوونی كوردستان بەدیهێنانی خەونە نەتەوەییەكانمان دەنگ دەدەم بە لیستی ژمارە١٨٤ ی پارتی دیموكراتی كوردستان.




زمناكۆ بابان قەڵادزەیی:

## پارتی دیموكراتی كوردستان هەڵقوڵاوی نێو ناخی گەلە


پارتی دیموكراتی كوردستان لەناخی گەلەوە هەڵقوڵاوە، بۆیە هەمیشە كاری لەپێشینەی بەدەستهێنانی مافەكانی گەلی كورد بووە و لە پیناویشیدا ٧٢ساڵە خەبات دەكات و سەدان ڕۆڵەی بەجەرگی شەهید بووە، ئێستاش خەباتێكی مەدەنی و سیاسی دەكات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواكانی گەلەكەمان، دەنگدان بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان. دەنگدانە بە بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان، دەنگدانە بە دووبارە نەبوونەوەی ئەنفال و تەعریب كردن، دەنگدانە بە بەهێزكردنەوەی قەوارەی كوردی و دەنگدانە بە بەدیهێنانی سەربەخۆیی بۆ كوردستان، دەنگدانە بە گێڕانەوەی شایستە داراییەكان و مووچە بۆ خەڵك و جەماوەرە خۆشەویستەكەمان. لێرەوە داوا لە خەڵك و جەماوەری بەشەرەفی كوردستان دەكەم، ئەوە ڕەچاو بكەن كە هەتا قەوارەی پارتی لە پەرلەمانی بەغدا زۆرتر بێت، دوژمنان زیاتر قەڵس و ناكۆك دەبن، چونكە شەڕی دوژمنان دەكات و ناهێڵێت پێ بنێنە نێو خاك و دەستكاری مافەكانی كورد بكەن.




# هێشوو ڕێبوار عەلی ڕەزا

### كاندیدی ژمارە ١٣
### لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

**یەكێك لە پرۆژەكانم ئەوە دەبێت كە خزمەتی ئەو ئافرەتانە بكەم كە توانای ماددییان كەمە بۆ خوێندن و ڕێژەی ٢٠٪ی مووچەكەم تەرخان دەكەم بۆ ئەو ئافرەتانەی داهاتی سەربەخۆیان نییە و لەلایەن پیاوانەوە دەچەوسێندرێنەوە، تواناكانیشم دەخەمە خزمەت ئافرەتە گەنجە بەتواناكان كە دەیانەوێ لە بوارێك لە بوارەكانی كاركردن پێشڕەوی بكەن و پەرە بە تواناكانیان بدەن.**



# لە ئەنجامی هەڵەیەکی خۆیدا، جانسو دزی لێکرا

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە شاری ئیستەنبول خانمە ئەکتەری تورکی جانسۆ کە بە عایشە ناسراوە رایگەیاند کە دزێك خۆی خزاندووەتە نێو ماڵەکەی و توانیویەتی چەند کەلوپەلێکی گرانبەهای نێو ماڵەکەی بدزێت و بەشێکی ماڵەکەیشی وێران کردووە.

جانسۆ دەربارەی ئەم رووداوە زیاتر وتی: دزەکە چەند پارچە زێڕێکی تایبەتی منی بردووە کە نرخەکەیان بە نیو ملیۆن لیرەی تورکی دەخەملێندرێت، من دان بەوەدا دەنیم کە ئەو کارە لە ئەنجامی هەڵەی من روویداوە، چونکە زێڕ و کەلوپەلە گرانبەهاکانم لە سندوقێکی ئاسنیندا هەڵنەگرتبوو و زۆر گرنگیم بەو بابەتە نەدابوو، لە ئەنجامدا تووشی دزین هاتم و هیوادارم پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن دزەکە دەستگیر بکەن.

لەلایەکی دیکەوە جانسۆ ئەو پڕوپاگەندانەی رەتکردەوە کە دەربارەی پەیوەندی خۆشەویستیی نێوان خۆی و ئەنجین ئەکیوریك بڵاوکراونەتەوە، هەر لەو بارەیەوە وتی: هیچ شتێك لە نێوانماندا نییە و تا ئێستا بە نهێنی چاومان بە یەك نەکەوتووە، چونکە ئەگەر یەکترمان بینیبا ئێوە دەتانبینین و وێنەشتان بڵاودەکردەوە.

لە هەمان کاتدا ئەنجین ئەکیوریك ئەویش لەلایەن خۆیەوە ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە و وتی: زۆر جار گوێمان لەو جۆرە قسە بێ بنەمایانە دەبێت کە هیچیان بەسەر راستییەوە نییە، من نازانم هەندێك لە میدیاکان هەواڵی وا لە کوێ دەهێنن و چۆن دەتوانن بڵاوی بکەنەوە، بێ ئەوەی دڵنیابن لە راستی و دروستیی هەواڵەکان و کاریگەریی هەواڵەکە لەسەر ئەو کەسانە؟ ئەوان تەنیا بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەران و بینەرانیان هەواڵی وا بڵاودەکەنەوە.



# مالیکا نهێنییەکی گرنگ ئاشکرا دەکات

لە بۆلیۆد خانمە ئەکتەر و سەماکار مالیکا ئەرورا بە یەکێك لە ئەکتەرە جوان و بە جورئەتەکان دادەنرێت، هەروەها بەوەش ناسراوە کە زۆر راشکاوانە قسە دەکات و هەرچییەکی هەبێت نایشارێتەوە ئەگەر زیانی بۆ کەسایەتی خۆیشی هەبێت.

لە میانەی بەرنامەیەکی گفتوگۆییدا کە بەم دواییە نمایش کرا، مالیکا نهێنییەکای سەیری تایبەت بە ژیانی خۆی بڵاوکردەوە، مالیکا دەربارەی ئەو شوێنەی کە حەز دەکات لێی بخەوێت و ئەو سیفاتانەی کە لە پیاودا سەرنجی رادەکێشێت، دەربارەی ئەو شوێنەی لە قەرەوێڵە زۆر حەز دەکات لێی بخەوێت، وتی: حەز دەکەم هەمیشە لە لوتکە بم جا نازانم بینەر چۆن لە لوتکە تێدەگەن، من مەبەستم شوێنی سەرەوەی قەرەوێڵەیە، سەبارەت بە پیاوی سەرنجڕاکێشیش وتی: بێگومان هەر ئافرەتێك ئارەزووی لە جۆرە پیاوێکە کە سەرنجی رادەکێشێت و ئەمەش بەپێی ئافرەتەکە دەگۆڕێت، من خۆم حەز لەو پیاوانە دەکەم کە هەمیشە پێبکەنن و ریشیان درێژ بێت.

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە ژیانی تایبەتیی، مالیکا کە بەر لە ماوەیەك لە ئەرباز خانی برای سەلمان خان جیابۆوە، ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی بەهێزدایە لەگەڵ ئەستێرەی بۆلیۆد ئارجو کاپوور.

١٨٤




# د. ڕێبین سەلام محەمەد

**کاندیدی ژمارە ٢٠**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بۆ ئاشتەوایيەکی نیشتمانیی سەرتاسەری و پێکەوەژیانی راستەقینە و ئاوەدانکردنەوەی هەموو ناوچە زیان لێکەوتووەکانی شەڕو گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، بۆ هاوکاریکردنی قوربانییانی جینۆساید و کیمیاباران و سزادانی تاوانبارانی جەنگ هەوڵی زۆر جددی دەدەم.**

# چارلز تیرۆن بە شێوەیەکی جیاواز دەرکەوت

خانمە ئەکتەری ئەمریکیی بە رەچەڵەك ئەفریقایی چارلز تیرۆن چەند وێنەیەکی کۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان بڵاوکردەوە کە مایەی سەرسوڕمان و شۆك بوونی جەماوەرەکەی بوون و یەکەم جار بوو بەم شێوەیە ببیندرێت، چونکە هەمیشە بە لەشێکی جوان و رێك دەرکەوتووە.

ئەم جارەیان چارلز تیرۆنی تەمەن ٤٢ ساڵ وەك سوپرایزێك بۆ جەماوەر دەرکەوت، چونکە لە جیاتی ئەوەی بە لەشێکی رێك دەرکەوێت کە پێی ناسراوە بە قەڵەوی و لەشێکی پڕ دەرکەوت دوای ئەوەی کێشی بە بڕی نزیکەی ٢٦ کیلۆگرام زیادی کردووە.

هۆکاری قەڵەوبوونی تیرۆن بۆ ئەو رۆڵە دەگەڕێتەوە کە لە فیلمی "tully" پێی دەسپێردرێت ئەویش رۆڵی دایکێکە کە تووشی خەمۆکی دەبێت، بەڵام تیرۆن رایگەیاند: دوای ئەوەی کێشی لەشم زیاد بوو، هەستم بە خەمۆکی کرد، چونکە من رۆژانە کاتژمێر دووی بەیانی لە خەو هەڵدەستام بۆ ئەوەی پەنیر و بورگر بخۆم، لە سەرەتادا کارەکە بۆ من ئاسایی بوو بەتایبەتی لە سێ هەفتەی یەکەم هەموو ئەو شتانەم دەخوارد کە بە درێژایی ژیانم خۆم لێیان بێبەش کردبوو، بەڵام دواتر بارودۆخەکەم گۆڕا بەجۆرێك هەستم کرد کە تووشی خەمۆکی بووم.



تیرۆن زیاتر وتی: سەرەتا منداڵەکانم وایان هەست دەکرد کە من سکپڕم ئەمەش بۆ من سەخت بوو و ماوەی ساڵ و نیوێکی خایاند تاکو کێشم بگەڕێتەوە شێوەیەکی ئاسایی و ئەو ماوەیە بۆ من وەك دۆزەخ وابوو. شایەنی باسە هەر یەکە لە ماکنزی دیڤیس و رۆن لیڤینجستۆن و مارك دۆبلاس بەشداریی لەو فیلمەدا دەکەن کە لە نووسینی دیابلۆ کودی و دەرهێنانی جیسۆن رایتمانە و بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا نمایش بکرێت.

### شیرین یاسین

### یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئارارات:

# سێ جار پلەی یەکەم و جارێکیش پلەی سێیەمم بەدەست هێناوە



**سنووری پارێزگای هەولێر لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەن کۆمەڵێك یاریزانانی بەتوانایە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان و یانەکانیش گرنگی زۆر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدەن، لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگن، بەڵام ماوەیەکە یانەکانی ئەو شارە پشتیان لەم یارییە کردووە و یاریزانەکانیش کۆچیان بۆ یانەکانی تر کردووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانیش شیرین یاسین-ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی قەزای رواندزە و یاریزانی یانەی ئاراراتە کە چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست هێناوە، بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو خانمە یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو رووت لە یاری ماراسۆن کرد؟**

- سەرەتا خۆم قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سۆران بووم ئارەزووی زۆرم هەبوو بۆ یاریی راکردنی ماوە درێژ، ئەو یارییەشم هەڵبژارد، هەموو کەسێکیش حەز و ئارەزوویەکی هەیە، منیش ئەو بڕیارەم داوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

-نزیکەی دوو ساڵە هیچ چالاکییەك نییە لەسەر ئاستی کوردستان و دۆخی یانەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆر خراپە.

*** ئەی لە شاری رواندز لە چ ئا ستێکە د ا یە ؟**

- لە ئاستێکی نزمە و هیچ بایەخێك نادرێت بە یاری گۆڕەپان و مەیدان، شوێنی گونجاویش نییە وەك یاریگای تارتان و هۆڵی وەرزشی تایبەت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-پێویستە یاریگای تارتانی تایبەت و هۆڵی وەرزشی هەبێت تاکو یاریزانەکان مەشق و راهێنانی تایبەت بەخۆیان ئەنجام بدەن، هەروەها نەبوونی خول و چالاکییەکان کە نزیکەی دوو ساڵە وەستاون لەسەر ئاستی کوردستان و یانەکان، جگە لەوەش نەبوونی پشتگیریکردنی یاریزانەکان لە رووی ماددییەوە کاری کردۆتە سەر یاریزانان و بەهرەمەندانی یاری گۆڕەپان و مەیدان.

*** وەکو یاریزانێك باشترین ئەنجامەکانت چین؟**

- لە زۆربەی راکردنەکانی ماوەدرێژ بەشداریم کردووە لەسەر ئاستی کوردستان و یانەکانیش سێ جار پلەی یەکەم بەدەست هێناوە وجارێکیش پلەی سێ یەم.

*** وەکو یاریزانێك لەئێستادا بەرنامەت چییە؟**

- ئێستا خەریکی خوێندنم لە کۆلێژی پەروەردەی سۆران، دوای تەواوکردنی خوێندنم دەمەوێت وەك یاریزانێك بەشداری بکەم لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا.

*** کێشەو گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

-نەبوونی یاریگای تایبەت و پاڵپشتی دارایی و نەبوونی خول و چالاکی، ئەوانە هەمووی گرفتن

بۆ ئـەم یارییـە.

*** بۆچی بەشداری پاڵەوانیەتی جیهانت نەکرد لـە کاتێکدا بڕیار بـوو بەشداری بکـەی؟**

-هێشـتا زووە بـۆ ئەمەیـان، چونکـە یاریزانـەکان بەپێـی چەنـد پێوەرێـك و ژمـارەی پێوانەیـی بانگهێشـتی هەڵبژاردەکانیـان دەکرێـن، دوای چەندیـن ژمـارەی پێوانەیـی لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ئاسیا ئینجا بەشداری پاڵاوتنەکانی یارییەکانـی ئۆلۆمپیی جیهانـی دەکەیت، پەنا بەخـوای گـەورە ڕۆژێـك دێـت بەشـداری تێـدا بکـەم وەکـو کچـە کوردێـك.

*** لە خێزانەکەت چەند کەستان وەرزشوانە؟**

- بەداخـەوە لـە خێزانەکـەم هیـچ کەسێك وەرزشـوان نییـە، تەنیـا مـن وەرزشـوانم.

*** خانەوادەکـەت ڕێگریـت لـێ ناکـەن لـە وەرزشـکردنت؟**

-نەخێـر، خانـەوادەم پشـتیوانمن و لـە وەرزشـکردن ڕێگریـم لـێ ناکـەن.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

- وەك کچـە یاریزانێکـی کـورد ببـم بـە یەکێـك لـە یاریزانـە بەناوبانگەکانـی جیهـان و بەشـداری بکـەم لـە پاڵەوانیەتییـە جیهانییـەکان کـە ئەمـەش خـەون و ئـارەزووی هەمـوو یاریزانێکـە.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- ئۆسیاین بۆلت و بلاکی.

*** جگـە لـە یـاری گۆڕەپـان و مەیـدان چ یارییەکـی تـر ئەنجام دەدەی؟**

-جگـە لـە یـاری گۆڕەپـان و مەیـدان یـاری فوتسـاڵیش دەکـەم.

*** بۆچی لـە شاری ڕواندزەوە چوویتـە پیرمـام و لەگەڵ ئارارات وەرزش دەکەی؟**

- بەهـۆی ڕاهێنەرەکـەم مامۆسـتا فەرمـان مەسـیفی کـە هەمـوو کات یارمەتیـدەرم بـووە لـەم بـوارە، لە قـەزای ڕواندز هیـچ گرنگییـەك نادەن بـەم جـۆرە یارییانـە، ناچـار ڕووم کـردە یانـەی ئـارارات.

*** بـە گرێبەسـت یارییـان بـۆ دەکەیـت، یاخـود تەنیـا بـە مووچـە؟**

- بەداخەوە نە گرێبەست و نە مووچەشم هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسـی ڕاهێنەرەکـەم مامۆسـتا فەرمـان دەکـەم کـە هەمـوو کات هاوکارییەکـی باشـی کـردووم و مانـدوو بـووە لەگەڵـم، داواکارم لایەنـە پەیوەندیدارەکان خـول و چالاکیـی زیاتـر بکەنـەوە، سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان کـە دڵسـۆزانە کارەکانیـان ئەنجـام دەدەن لـە خزمەتکردنـی وەرزشـکاران.


١٨٤




# حەسەن سەرتیپ محەمەدئەمین جاف

## كانديدى ژمارە ٢٢
## له لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بـۆ داکۆکیکـردن لـە مافـە سیاسـی و ئیـداری و کەلتوورییەکانی تورکمان و کلدان و سریان ئاشووری و ئەرمـەن و کوردانـی ئێزیـدی و فەیلی و جێبەجێکردنی دەسـتوور بـە تـەواوی ماددەو بڕگەکانیـەوە کـە تاکـە زامنـی بەردەوامـی یەکگرتنـی ئارەزوومەندانـەی خـاک و گـەل و سـەروەریی عێراقـە، دەبێـت کـورد قورسـایی و هێـز و توانـای لـە بەغـدا هەبێـت، ئەمـەش بـە دەنگدان بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـتەبەر دەبێـت.



# محەمە سەلاح
# بووە باشترین یاریزانی خولی ئینگلیزی

محەممەد سەلاح ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بە باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی خولی ئینگلیزی دەستنیشانکرا.

سەلاح توانی بەسەر کیڤن دیبرۆینی بەلژیکی و ئەستێرەی یانەی مانچستەر سیتی و هاری کەین هێرشبەری تۆتنهام و دەیڤد سیلڤا و لێرۆی سانێ یاریزانانی مانچێستەر سیتی و دەیڤد دیخیای گۆڵپارێزی مانچێستەر یونایتد سەربکەوێت.

سەلاح بووە دووەم یاریزانی عەرەب ئەو خەلاتە بباتەوە، دوای ئەوەی لە ٢٠١٦ ریاز محرز دوای بردنەوەی نازناوی خولی ئینگلیزی لەگەڵ لێستەر سیتی وەک باشترین یاریزان دەستنیشانکرا.

هێرشبەرە میسرییەکە ئێستا لە پێشەنگی ریزبەندی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی و ئەورووپی دێت.

لە پلەی دووەم کیڤن دیبرۆین ئەستێرەی مانچێستەر سیتی و لە پلەی سێیەمیش هاری کەین هێرشبەری تۆتنهام هاتن.

دوای بردنەوەی خەلاتەکە محەممەد سەلاح گوتی: بردنەوەی ئەم خەلاتە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە، لە رۆژی یەکەمەوە، کە لە خولی ئینگلیزی یارییدەکەم، ئامانجی من بردنەوەی خەلاتەکە بووە، دڵخۆشم بەهاوکاری هاورێکانم توانیم خەلاتەکە ببەمەوە و هیوادارم کاروانی ئێمە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەردەوام بێت.

سەلاح لە بارەی گەرانەوەی بۆ خولی ئینگلیزی دوای جێهێشتنی رۆما گوتی، لە چێلسی هەلی یارییکردن و خۆ سەلماندنم کەمبوو، بەلام ئێستا لەگەڵ لیڤەرپوول ٣١ گۆڵم تۆمارکردووە و هیوادارم سەرکەوتوو بم لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ، کە چەند یارییەکی کەممان ماوە.

لە درێژەی قسەکانیدا ئەستێرەکەی لیڤەرپوول گوتی: من لە پێناو یانەکەم یارییدەکەم و بۆ خۆم یاری ناکەم و سوپاسی هاورێکانم و راهێنەرەکەم دەکەم، کە هاوکاریم دەکەن لە تۆمارکردنی گۆڵی زیاتر.

دوای بردنەوەی خەلاتەکە یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانەی لیڤەرپوول پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستە سەلاح کرد و گوتی: لە جیهاندا بردنەوەی خەلاتی تاکە کەسی شتێکی زۆر جوانە و لە ئەنجامی یارییکردنی بە کۆمەڵە، من زۆر دڵخۆشم، کە ئەم وەرزە وەک راهێنەرێک ئەو هەلەمان بەرکەوتووە، شەرەفێکی گەورەیە و شانازی بە خانەوادەی تیپەکەمەوە دەکەم، هەروەها تاوەکو ئێستا ئاستێکی بەرزمان پێشکەشکردووە، ئێستا من ئامادەی دابەشکردنی خەلاتەکەم.

لێرۆی سانێ ئەستێرەی یانەی مانچستەر سیتی، کە بەهۆی یارییەکەیان بەرامبەر سوانزی سیتی ئامادەی ئاهەنگەکە نەبوو وەک باشترین یاریزانی گەنج دەستنیشانکرا و لە رێگەی پەیامێکەوە سوپاسی هاورێکانی و راهێنەری یانەکەی کرد بۆ هاوکاریان بۆ بردنەوەی ئەو خەلاتە.

فران کیربی یاریزانی یانەی چێلسی وەک باشترین یاریزان لەسەر ئاستی خانمان دەستنیشانکرا و جی سوجون لە چێلسی پلەی دووەم و مایەر میلدەریش هەر لە چێلسی پلەی سێیەمی بردەوە.




# شوکریە مەحموود ئەحمەد ساڵح

## کاندیدی ژمارە ٢٤
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بۆ ئەوەی چاکسازی ئابووری و دارایی بنەڕەتی لە عیراق ئەنجام بدرێت و ماف و هەق و ئیمتیازاتەکانی کوردستان وەکو بودجە و موچەو شایستە داراییەکان و بودجەی پێشمەرگەی کوردستان زامن بکرێت، دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.



## یۆرێنتی دەگەڕێتەوە یانە کۆنەکەی

فێرناندۆ یۆرێنتی یاریزانی یانەی تۆتنهام دەیەوێت ریزەکانی یانەکەی بەجێبهێڵێت و یانە کۆنەکەشی لەسەر هێڵە.

دوای ئەوەی لەلایەن ماوریزیۆ پۆچێتینۆی راهێنەری یانەکەیەوە گرنگی زۆری پێنەدرا و لە ٣٠ یاریدا لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا بەشداری پێکراوە، فێرناندۆ یۆرێنتی هێرشبەری یانەی تۆتنهام نیازی جێهێشتنی ریزەکانی تۆتنهامی هەیە. رۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردووە هێرشبەرە ئیسپانییەکە لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵدا تۆتنهام بەجێدەهێڵێت بەرەو یانەی ئەتلەتیک بلباویش، کە پێشتر یۆرێنتی لەوێدا یاریکردووە ئامادەیە هێرشبەرە ٣٣ ساڵییەکە بگەڕێنێتەوە ریزەکانی.



## ئینیێستا لە خولی چینی نزیکە

ئەندریاس ئینیێستای یاریزانی یانەی بەرشلۆنە زۆر نزیکە لەوەی پەیوەندی بەخولی یانەکانی چین بکات.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردووە لەلایەن دوو یانەی چینی گرێبەست ئاڕاستەی ئەندریاس ئینیێستا کراوە. بەپێی هەمان سەرچاوە هەردوو یانەی (چۆنج چینگ لیڤان و تیانجین کوانجیان) گرێبەستیان ئاراستەی کاپتنەکەی بەرشلۆنە کردووە. رۆژنامە ئیسپانییەکە بڵاویشیکردووە لەڕوی ماددییەوە هەردوو گرێبەستەکە نزیکن لەیەك و مووچەیەکی خەیاڵییان خستووەتە بەردەم ئینیێستای تەمەن ٣٣ ساڵ.

مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لە کۆتاییدا بڵاویکردووە ساڵی رابردوو ئینیێستا سەردانی چینی کردووەو و ئەوەی بۆ ئاشکرا بووە، کە لەم وڵاتە هەواداریێکی زۆری هەیە.



# خەوتن ڕاستەوخۆ پاش ژەمی خۆراک زیانی هەیە

خەوتن ڕاستەوخۆ پاش ژەمە سەرەکییەکانی خۆراك بەتایبەتی پاش ژەمێکی گەورەی وەکو ژەمی نیوەڕۆ هۆکارە بۆ سستبوونی کرداری هەرسکردنی خۆراك و گەلێك گرفتی تەندروستی کە بریتین لە:

• زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی بەتایبەتی لەکاتی شەودا.

• ڕاکشان لەسەر پشت پاش ژەمی خۆراك هۆکارە بۆ گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سووڕێنچك کە بە شێوەی سووتانەوە و دڵەکزێ Heartburn هەستی پێدەکرێت، هەروەها بەدهەرسی و ناڕەحەتیی گەدە.

• ئەگەری ڕوودانی جەڵتە زیاد دەبێت کە لەوانەیە میکانیزمەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەگەری وەستانی هەناسە Sleep apnea لەکاتی خەودا، یان بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و ئاستی شەکر و کۆلیستیرۆل.

• هەستکردن بە لەش داهێزران و بێهێزی گشتی پاش لەخەو هەڵسان.

• تووشبوون بە حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش کە پێی دەووترێ پەستی نووستن Sleep anxiety.

• گەدەی پڕ لەکاتی پاڵکەوتن یان خەوتندا فشار دەخاتە سەر ناوپەنچك کە پەردەیەکی تەنکی ماسولکەییە، بۆشایی سك لە سینگ جیادەکاتەوە، بەردەوامبوونی ئەم فشارە بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری قۆڕی ناوپەنچك Hiatus Hernia. کەواتە هەوڵ بدە کە ڕاستەوخۆ لەپاش ژەمی خۆراك نەخەویت، وا باشترە کە ماوەی نێوان ژەمی خۆراك و خەوتن لە دووکاتژمێر کەمتر نەبێت.

# ڕاستیی چەورییەکانی خۆراک

چەورییەکان Fats ئاوێتەی ئۆرگانیکی ئاڵۆزن لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتوون و لە ئاودا ناتوێنەوە. چەورییەکان گرنگن بۆ گواستنەوەی ڤیتامینەکانیE،D ،A و K، هەروەها ئەندامەکانی ناوەوە لە کاریگەریی زەبری دەرەکی دەپارێزن، بۆن و چێژی خۆراك خۆش دەکەن، سەرچاوەی چڕن بۆ وزە، هەندێك جۆری ترشە چەوری سستمی بەرگریی لەش بەهێزدەکەن. ئایا هەموو چەورییەکان خراپن بۆ تەندروستی؟ نەخێر، هەندێك جۆری چەوری پێویستن بۆ تەندروستی. هۆکاری ئەوەی کە بۆچی چەورییەکان ناوبانگی خراپیان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك جۆری چەوری وەکو چەورییە تێرەکان و چەورییە نێوەندەکان هۆکاری زەقن بۆ نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ. بە شێوەیەکی سەرەکی ٣ جۆری چەوری لە خۆراکدا هەیە، چەورییە تێرەکان Saturated fats و چەورییە ناتێرەکان Unsaturated fats، چەورییە نێوەندەکان Trans fats کە بە کرداری هایدرۆجینکردنی زەیتی ڕووەکی دروست دەکرێت. بەگشتی چەورییە تێرەکان و چەورییە نێوەندییەکان زۆر پەسند ناکرێن بۆ تەندروستی لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەن بۆ کۆلیستیرۆلی خراپ. چەورییە ناتێرەکان کە لە خۆراکە ڕووەکییەکاندا هەن، زیاتر بۆ تەندروستی پەسند دەکرێن بەتایبەتی زەیتی زەیتوون.





# ئایا هەموو رووداوە ناسروشتییەکان لەخۆیانەوە روودەدەن؟

زوو هەڵچوون، زیاد تووڕەبوون، سترێس، سەرنەکەوتن لە کارەکاندا، بێزاریی توند، زۆر جار وا لە کەسەکان دەکات کە بە ئانقەست خۆیان دوچاری رووداو Accidents بکەنەوە. پەستی و نیگەرانی کە دەگاتە ئاستێکی بەرزی تووڕەبوون، لەوانەیە وا لە مرۆڤ بکات کە بە ئانقەست رووداوێکی بچووک یان گەورە ئەنجام بدات بێ ئەوەی کە بیر لە ئەنجام و ئاکامە خراپەکانی بکاتەوە. کەسەکە پاش رووداوەکە ئینجا درك بە هەڵە و تاوان دەکات، چونکە هەست بەوە دەکات کە دەستی هەبووە لە روودانی و پەشیمان دەبێتەوە، ئاستی پەشیمان بوونەوەکە بەندە بە قەبارە و گەورەیی رووداوەکە، ئەوسا کەسەکە جەخت دەکاتەوە کە پێویستی بە سزادانی خۆی هەیە. کەس بەدەر نییە لە روودانی هەندێك کارەسات کە بە دەستی خۆی دروستی دەکات، لە راستیدا ئەمەش بە دەوروبەرەوە بەندە، هەندێك کەس پاش پەستییەکی تیژی ماوە کورت دوچاری کارەسات دەبنەوە، هەندێك کەسی تر بەرگەی پەستییەکەیان دەگرن بۆ ماوەیەکی درێژتر بەڵام هەر پاشان رووبەڕووی کارەسات دەبنەوە، کەسانێکیش هەن بەردەوام و لە هەر ساتێکدا لە ئامادەباشیدان بۆرووداوێك. لە ئەنجامدا، ئەو کەسانەی کە دەستیان لە روودانیدا هەبووە بە هەوڵێکی ناسەرکەوتووانە بۆ داپۆشینی گرفتەکانیان هەژماری دەکەن. غەم پاش مردنی کەسێکی نزیك Grief، تووڕەبوون، یان فەشەل و سەرنەکەوتن لە کارێکدا Frusration یان پەستیی توند، هەروەها گۆڕانێکی گەورە لە ژیاندا وا لە گەلێك کەس دەکەن کە ترسناکانە و بە بێ سەرنج و بیرکردنەوە لە ئاکامەکان کارەسات ئەنجام بدەن.


١٨٤




## کاوە ئەحمەد محەمەد ساڵح

**کاندیدی ژمارە ٢٣**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بۆیە دەنگ دەدەین بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی لیستی پێشمەرگەو بەرگریکار و پارێزەری خاکی کوردستانە، هەروەها قورسایی پارتی لە بەغدا زامنی مافەکانی گەلی کوردستانە.**


# هاردێکی وایەرلەیس پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە



بۆ ئەو فیلم و ڤیدیۆیانەی بە موبایل یان کامێرا دەیگرن پێویستیان بە شوێنێکە بۆ هەڵگرتن و دەستکاری کردنیان، میمۆری ناو کامێرا و موبایلەکان رەنگە تێرایی هەموو شتێك نەکات، زۆر زوو پڕ بن، لەکاتێکی وادا پێویستت بە هاردێك یان کۆمپیوتەرێکە کە فیلم و ڤیدیۆکانی بخەیە سەر، لە گەشت و سەیران و سەفەریشدا کۆمپیوتەر هەڵگرتنی زۆر گونجاو نییە.. بۆ ئەم مەبەستە هاردی وایەرلەیسی Gnarbox 2.0 بەرهەم هاتووە. هاردێك بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ موبایل و کامێرا تەنیا لە سیستەمی وای-فای سوود وەردەگرێ، گواستنەوەی خێرا و بێ کێشە..

ئەم هاردە قەبارەی هەڵگرتنی داتاکانی یەك ترابایتە، قەبارەیەکی زۆر، کێش و قەبارەی خودی هاردەکەش بچووك و کەمە و بەقەد موبایلێکە.

خاڵی هەرە گرنگ لە هاردەکەدا بۆ دەستکاری کردنی فیلمەکان و رەوانەکردنیان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە. راستەوخۆ لەگەڵ پرۆگرامەکانی ئەدۆب پریمەر، ئەدۆب لایترۆم و لۆما فاشیۆن دەگونجێت و فیلم و ڤیدیۆکان بۆ ئەم پرۆگرامانە دەگوازێتەوە. جگە لەوەش داتاکان بۆ drop-Box رادەگوازێت، باترییەکی بەهێزی هەیە و ماوەیەکی زۆر شەحنی دانابەزێت.



## کاغەزی دیجیتالی شتێکی نوێ لە تەکنەلۆژیادا

هەتا ئێستا بۆ نووسین و کاروباری رۆژانەمان لە کاغەزێکی ئاسایی سوود وەردەگرین، ئێستا ناوی کاغەزی دیجیتالی بە گوێی زۆر کەس ئاشنا نەبووە، رەنگە کەم کەس هەبێ بزانێ کاغەزی دیجیتالی چییە؟

کاغەزی دیجیتالی بریتییە لە شاشەیەکی تەنکی ئەلکترۆنی کە بەهۆی قەڵەمی تایبەتی خۆیەوە دەتوانیت شتی لەسەر بنووسی و بکێشیەوە و هەڵیبگری.. کۆمپانیای سۆنی یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەم کاغەزە، لەم دواییەدا جۆرێکی ئەم کاغەزەی بەناوی DPT-CP1 بە قەوارەی ١٠,٣ ئینج خستەڕوو.

کاغەزی دیجیتالی تەنیا یەك رەنگی هەیە ئەویش رەشە، حیبرەکەشی ئەلکترۆنییە، بەقەد کاغەزێکی A٤ دەبێت و پشتیوانی لە فۆرماتی PDF دەکات، واتە هەر بابەتێك بینووسی یان بیکێشیەوە دەبێتە فایلێکی PDF. میمۆری ناو کاغەزە دیجیتالییەکەی سۆنی ١٦ گیگابایتە بە هەردوو سیتسەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس و سیستەمی ویندۆز و ماك پەیوەند دەدرێت. کاغەزەکە بارستاییەکەی بەقەد دە کاغەزی ئاسایی دەبێت. کێشەکەی تەنیا ٢٢٧ گرامە، ئەگەر جارێك شەحن بکرێتەوە هەتا مانگێك دەتوانی سوودی لێوەربگری.



## کیبۆردێک رابردووت بیر دەخاتەوە

بەرلەوەی کۆمپیوتەرەکان بکەونە بازاڕ، ئامێری تایپ (طابعە) رۆڵی کۆمپیوتەری دەبینی، ئامێرێك کە خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی کرد و مێژوویی چەند سەدەیی هەیە. لەم رۆژانەدا کیبۆردی جۆری Azio Retro Classic بەرهەم هات کە هەم کلاسیکە و هەم نۆستالۆژی خۆیە هەیە.

کیبۆردەکە دوو جۆری هەیە، رووکەشی پێست و رووکەشی داری هەیە. بە بلوتوس لەگەڵ کۆمپیوتەر و موبایل پەیوەند دەدرێت. دوگمەکانی راست وەك دوگمەی تایب دەچن. باترییەکی ئەوەندە بەهێزی هەیە کە هەتا ساڵێك لێی بێخەم بە و شەحنی دانابەزێت.



## کامێرای ملوانکەش بەرهەم هات!

کامێرا لەم سەردەمەدا بۆتە ئامرازێکی گرنگی ژیانی رۆژانە، مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی ساتە گرنگەکانی ژیان بۆ ئەوەی کە بە زیندوویی بیان هێڵێتەوە پێویستی بە کامێرایە.. بۆیە کامێرای موبایل شوێنی کامێرای دیکەی گرتۆتەوە.. جگە لە موبایل کاتژمێرە هۆشمەندەکانیش کامێرای خۆیان هەیە. ئامرازی دیکەش هەن وەك چاویلکە و مەدالیای سویچیش کامێرایان هەیە بەڵام ئەوان زیاتر بۆ کامێرای سیخوڕی دەگونجێن. لەم ماوەیەدا کامێرایەکی ملوانکە و بەرۆك بەرهەم هاتووە کە بە جۆری Camera FrontRow ناسراوە. کامێرایەك هەم وەك ملوانکەیەکی سەرنج راکێش هەم ئەرکی کامێرا ئەنجام دەدات، راستەوخۆ بە ئینتەرنێت دەبەسترێتەوە و ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی دەیانگرێ دەکرێت بەبێ موبایل بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرێ بکەی. باترییەکەی هەتا ١٦ کاتژمێر دانابەزێت، دەکرێت بە رێگادا بڕۆی و وێنە بگرێت جا چ پیادە بی یان سواری پایسکل، بە موبایل پەیوەند دەدرێت و دەکرێت هەر راستەوخۆ فیلم و وێنەکان بۆ موبایل بەرێ بکەی.



## پرینتەرە بچووکەکەی کانون و تایبەتمەندییەکانی

کانون بە یەکێك لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرا ناسراوە، مێژووی کۆمپانیا لە بواری کامێرادا زیاتر لە نیو سەدەیە.. لە چەند ساڵی رابردوودا کۆمپانیای ناوبراو خەریکی بەرهەمهێنانی پرینتەری بچووکی تایبەت بە وێنەیە کە بە تەکنەلۆژیای Zink کار دەکات، ئەم تەکنەلۆژییە پێویستی بە حیبر نییە بگرە کاغەزی تایبەت بە فۆتۆی لەگەڵدایە. پرینتەرەکە بچووکە بەقەد موبایلێك دەبێت و لەگەڵ موبایلیش بەبێ وایەر پەیوەند دەدرێت. کاغەزی فۆتۆکە تایبەتە و هەستیارە بە گەرمایی و لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا وێنە بە کوالیتی زۆر جوان چاپ دەبێت..

١٨٤




# ئاوات عەبدوڵا عەبدوڵا پیرۆت

**کاندیدی ژمارە ٢٥**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بۆ گێڕانەوەی بنەماکانی شراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق و بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور و کۆتاییهێنان بەو رەوشە نایاسایی و نائاساییەی کەرکووک و هەموو ناوچە کوردستانییەکان، دەنگ بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**



# هێلکە فڕۆکەکە
# بە ئاماژەی دەست کۆنترۆڵ دەکرێت

کۆداکۆپتەرەکان، یان بە واتایەکی دیکە ئەو فڕۆکە بچووکانەی کە بە ریمۆت کۆنترۆڵ کار دەکەن، هەم کارکردی و توانایان هەم دیزاین و ستایلیان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، ئێستا کۆداکۆپتەرەکان هەر بۆ یاری و خۆ سەرگەرمکردن نین، بگرە زۆر کاری گرنگ ئەنجام دەدەن، بە تا یبە تی لە بواری فیلم هەڵگرتنەوەو سینەمادا، هەروەها بۆ بواری ئەمنییەت و چاودێری، بۆ بواری تەندروستی و خزمەتگوزاری گەیاندنی خێرا...تاد.



لەم دواییەدا کوداکۆپتەرێکی سەرنج راکێش بەناوی PowerEggبەرهەم هاتووە کە هەم دیزاینەکەی سەرنج راکێشە و وەك هێلکەیەك دەچێت و باڵەکانی لەکاتی نیشتنەوەدا دەچنە پاڵ یەك و راست بەقەد هیلکەیەکی وشتر یان تۆزێك گەورەتر دەبێت..

تەنیا بە یەك دوگمە بەرز دەبێتەوە و دەنیشێتەوە بە ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت و موبایل کۆنترۆڵ دەکرێت، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بە ئاماژەی پەنجەکانی بەکارهێنەر کۆنترۆڵ دەکرێت، واتە بەکارهێنەر دەستی چەپ و راستی دەکرێت وەك کۆنترۆڵ بەکار بهێنێت.

کامێرایەکی بەهێزی k4 هەیە و دەکرێت لە مەودای ٥ کیلۆمەتر دوور وێنە و فیلم بگرێ، ماوەی فڕینی فڕۆکە بچووکەکە ٢٣ خولەکە. سیستەمی بەهێزی GPS تێدایە و ئەو شوێنەی کە پێیدا دەڕوات دەزاندرێ کوێیە و بەربەستەکان دەناسێت.

کامێراکەی کە K4 و لە جۆری UHDیە دەتوانێت وێنەی زۆر جوان و فیلمی ٣٦٠ پلەیی و پانۆڕامایی بگرێت، هەروەك ئاماژەی پێدا بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت و بە هەردوو سیستەمی ئەندرویت و ئای ئۆ ئێس کار دەکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نامەوێ کورتەپەیام و پەیوەندییەکانم لەلایەن ئەو کەسانەی مەبەستمە بۆم دێن لەسەر شاشەی موبایلەکە دەربکەون و نەچنە ناو ریزی پەیوەندییەکان نامەوێ کەس بزانێت پەیوەندییەکانم لەلایەن کێوەن بۆ ئەم مەبەستە رێگاچارەیەك هەیە؟


بەڵێ خوێنەری بەڕێز دونیای تەکنەلۆژیای نوێ و نەبوونی رێگا چارە! بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر موبایلەکەت ئەندرۆیدە پرۆگرامی Shady Contacts دابەزێنە، کاتێك پرۆگرامەکەت دابەزاند بەر لە هەموو شتێ دەتوانی پرۆگرامەکەش وای لێبکەی لەناو ریزی پرۆگرامەکان دا دەرنەکەوێ و بشاردرێتەوە و تەنیا بە کۆد دەربکەوێت.. لەو پرۆگرامەدا ئەوانەی مەبەستت نامە و پەیوەندییەکانیان دەرنەکەوێت هەڵدەبژێری و دەیانشاریەوە.. پاشان بە کۆد دەچیە ناو پرۆگرامەکەو دەتوانی ناو و کورتە پەیامەکان ببینی، کاتێك پەیوەندیش دێت هیچ ناوێك نیشان نادرێ لەسەر شاشە تەنانەت ژمارەکەشی نابیندرێ..

# فڵچەی ددان یان دکتۆری تەندروستی





چەند ساڵێکە فڵچەی ددانی سمارت کەوتوونەتە بازاڕ، بەهۆی ئەو فڵچانەوە بەکارهێنەر دەتوانێت چۆن ددانەکانی بشوات و چ شوێنێکی پاك نەکراوەتەوە خاوێنی بکاتەوە و رۆژانە چەند جار و لە چ کاتێك ددانەکانی بشوات، ئێستا فڵچەیەك بەرهەم هاتووە چەند هەنگاوێك لە پێشترە.. ئەم فڵچە هۆشمەندە لە رێگای لیکی دەمە تێدەگات بەکارهێنەرەکەی لە بواری تەندروستی و رۆحیەوە دەناسێنێ و کێشەکانی دەزانێت و بە دکتۆری تایبەتی رادەگەیەنێ وەك دەزانێت بەکارهێنەرەکەی توڕەیە، خەمۆکی و نیگەرانی هەیە یان نەخۆشی تەندروستییەکانی چینە!



فڵچە هۆشمەندەکە بەناوی Issalexa ناسراوە پێکهاتووە لە فڵچەی ئەلکترۆنی جۆری T-Sonic و سیستەمێکی هۆشمەندی چاودێری تەندروستی و پاش شیکردنەوە و لێکدانەوەی لیکی دەمی بەکارهێنەر بە دەنگ بە خاوەنەکەی دەڵێت کێشەکانت چیە؟ تەنانەت فڵچەکە لە بواری دەروونییەوە دڵخۆشی بەکارهێنەرەکەی دەداتەوەو پێی دەڵێت «ئەوەندە خەفەت مەخە ژیان ئەوەندە ناهێنێ خەمی بۆ بخۆی» یان پێی دەڵێت» بێ هیوا مەبە ژیان باشتر چاوەڕوانتە». فڵچەکە تەنانەت بە ناوی خۆشت بانگت دەکات. خودی فڵچەکەش زۆر نەرمە و هەموو کەلێنەکانی ددان دەگرێتەوە، هەر جارێك شەحن بکرێتەوە گەر هەموو رۆژێك جارێك ددانەکانت بشۆی هەتا یەك ساڵ شەحنەکەی دانابەزێت..

١٨٤



## سایتێک بۆ رۆتوش کردنی وێنە

رۆتوش کردن بە کوردییەکەی یانی ساف و لوسکردنی وێنە، دەبینین جار هەیە وێنەیەك کەسێك دەیگرێ کە تەواوی روخساری زیپکە و پەڵەیە، کەچی بە پرۆگرامێك وێنەکە وەك ئاوێنە ساف و لوس دەکرێت، ئەم کارە پێی دەگوترێت رۆتوش...

ئەگەر پرۆگرامێکت لەبەردەست دانەبوو بۆ رۆتۆش کردنی وێنەکانت ئەوە سوود لە سایتی https://www.picmonkey.com/ وەربگرە، ماڵپەڕێك کە لەودا بە ئاسانی و بە سادەیی دەتوانی وێنەکانت رۆتوش بکەی و هەرچی پەڵە و زیپکە و خاڵی زیادی هەیە لە روخسارت لایبەری و پێستێکی گەش و روون دەربکەوێت، یا جار هەیە وێنەیەکی زۆر جوانت گرتووە بەڵام بەهۆی فلاشی کامێراکەوە چاوەکانت سوور هەڵگەڕاون لەم سایتەدا بە ئاسانی ئەم چاو سوور هەڵگەڕانەش باش دەبێتەوە، کاتێك ماڵپەڕەکەت کردەوە شوێنێك هەیە نووسراوە Edit ئەو دابگرە و داوای وێنە دەکات و تۆش ئەو وێنەیەی مەبەستتە دایبنێ و پاشان ئۆتۆماتیکی وێنەیەکەت بۆ جوان و ساف و لووس دەکات..





# ڤیان تاهیر قادر مستەفا

**کاندیدی ژمارە ٢٧**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**


بۆ ئەوەی مافەکانی گەلی کوردو قەرەبووی کیمیاباران و ئەنفال و قوربانییەکان بکرێت و چیتر لەبەغدا موزایەدەو سازش لەسەر مافەکانی گەلی کورد نەکرێت، دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتەی بە خوێنی شەهیدەکانی کوردستانی پاراست و رێگەی نەدا هێزی داگیرکار داگیری بکەن .



## نافوورەی گڕكان لە نێو ئاودا

نافوورەكان شوێنێكی دڵگیر و ناوازەن بۆ سەرنجڕاكێشانی گەشتیاران و خەڵك، كە لە شوێنە گشتییەكاندا دادەنرێن و دروست دەكرێن، نافوورەی دەستكرد لەلایەن مرۆڤەوە دروست دەكرێن، كەچی نافوورەی سرووشتیش هەن، ئەو نافوورە سرووشتییانە بە سەرچاوەی گڕكانەكان دادەنرێن، كە لەژێر زەوییەوە دەردەچن، بەرزی هەندێكیان دەگاتە (٤٠٠) مەتر، ئەوەی لە وێنەكەدا دیارە، یەكێكە لە كۆنترین نافوورە سرووشتییەكانی گڕكانەكان، كە دەكەوێتە ناوچەی هاوای لە ئەمریكا، كە لە ساڵی (١٩٦١) ئەو نافوورەیە لە نێو ئاودا بەرز دەبێتەوە و تا ئێستا نەكوژاوەتەوە، بەرزی ئەو نافوورەیە دەگاتە (٢١) مەتر، بەپێی دەستەی ڕووپێوانی جیۆلۆجی ئەمریكی بە كۆنترین نافوورەی گڕكانی دادەنرێن، ئەو نافوورەیە دەكەوێتە نێو زەریای هێمن و بەهێزترین تەقینەوەشی لە ساڵی (١٩٦٩) بوو، دواتر تا ساڵی (١٩٧٤) ئاستی نافوورە گڕكانەكە جێگیر بووە و تا ئێستاش گڕی لێوە دەچۆڕێت، تا ئێستا بڕی (٣٥٠) ملیۆن مەتر سێجا گڕكانی بەرهەمهێناوە كە دەتوانرێت (١٤٠٠٠٠) گەرماوی مەلەوانی ئۆلۆمپی پێی پڕ بكرێتەوە.

## ماوكلی پیاوی دارستان



داستانی تەڕەزان و ماوكلی، كە هەردووانیان بە پیاوی دارستان ناسراون، باس لە ژیانی منداڵێك دەكات لە نێو دارستان و لەگەڵ ئاژەڵاندا گەورە دەبێت و ژیان بەسەر دەبات، تەنانەت دەیان فیلم و چیرۆك و داستانی لەسەر تۆمار كراوە، دواجار پیاوە راستەقینە و ماوكلی لە وڵاتی ئیسپانیا دۆزراییەوە، ئەو پیاوە تەمەنی (٧٢)ساڵە، بە ماوكلی ناسراوە، ئەو پیاوە ناوی (ماركۆس ڕۆدریگز پانتۆگا)یە، لە زنجیرە چیاكانی (سێرا مۆرینا) دۆزراوەتەوە، ساتی دۆزینەوەكەی تەمەنی (١٩)ساڵان بووە، كە هیچ جۆرە زمانێكی نەزانیوە،



## تیپی سەمای بەساڵاچووان

دەگوترێت دڵی ئافرەت هەمیشە گەنجە و تەنانەت ئەگەر لە تەمەنێكی گەورەشدا بێت. چیرۆكی تیپی سەماكەرانی بەساڵاچووان وەڵامێكە بۆ ئەو قسەی سەرەوە، كە ئەوانە كۆمەڵە ئافرەتێكی بەساڵاچوون كە تەمەنیان لە نێوان (٨٤) بۆ (٩٧) ساڵ دەبێت، كەچی ڕۆژانەی ژیانیان بە سەما و هەڵپەڕكێی سەیر و تایبەت بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەكەن، ئەندامانی ئەو تیپە لە وڵاتی ژاپۆن و لە ناوچەی (كۆهۆما)ی سەر بە شاری ئۆكیناوە دەژین، ژمارەیان (٣٣) كەسە، ناویان لە خۆ ناوە: تیپی سەمای (كۆهۆما)، بۆ ئەوەی ببێت بە یەكێك لە ئەندامانی ئەو تیپە، نابێ تەمەنت لە (٨٠) ساڵ كەمتر بێت، سەرۆكی ئەو تیپە ناوی (تۆمی میناكا)یە، كە تەمەنی (٩٢) ساڵە و دەڵێ: سەماكانی ئێمە

١٨٤





# محەمەد مامە عەزیز مەحموود

## کاندیدی ژمارە ٢٦
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بە دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، مافە پێشێلکراوەکانی کوردستان لە بەغدا بەدەست دێنینەوە. دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە ئامانجە مەزنەکەی کوردستان کە سەربەخۆییە.**

## ...تانی ڕاستەقینە



تەنیا هاوڕێتی لەگەڵ گیانداران بەهێزە و دەتوانێت لەگەڵ زۆربەی ئاژەڵەکان مامەڵە بکات و لێیان تێبگات. دوای تێگەیشتن لەو پیاوە کە گوتوویەتی: چەندین ساڵە لە نێو دەشت و دارستانەکان ژیاوە، لە پێشوودا بێ جلوبەرگ بووە و تەنیا لە کاتی بەفر و باران بارینـدا خۆی داپۆشیوە، تا ئێستاش بەشێکی زۆری گیاندارانی ئەو ناوچەیە هاوڕێتی دەکەن و ئازاریشی نادەن. ئێستا ئەو پیاوە لە ماڵێکی بچووک لە ناوچەی (ڕانت)ی سەر بە هەرێمی گالیسیای سەربەخۆی لە وڵاتی ئیسپانیا لەگەڵ کۆمەڵێك ئاژەڵ و گیانداری کێوی و ترسناك دەژی.



زۆر جوانترە لە سەمای سەمکارانی جیهان، ئەوان بەو جەستە بەهێز و گەنجێتییەی خۆیانەوە سەما دەکەن، کە زۆربەیان تەنیا نواندنە، بەڵام سەمای ئێمە ڕاستەقینە و لە ناخماندا هەڵدەقوڵێت، جگە لەوەی سەما دەکەین، هەروەها ئەو سەماکردنە سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی و هەست و ناخمان هەیە و تا ئێستاش بە تیپی سەمای یەکەم دادەنرێن.